# بەیاننامەی ڕاگەیاندنی

## کۆمیتەی ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

بەم بەیاننامەیە پێکهاتنو دەستبەکاربوونی کۆمیتەی ئامادەکاریی بۆ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕادەگەیەنین.

کۆمیتەی ئامادەکاریی لەپێناوی سازدانو فەراهەمکردنی پێداویستیە جۆراوجۆرەکانی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کار دەکات.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ئامرازی دەستی چینی کرێکارە بۆ ڕزگاربوون لەچەوسانەوەی سەرمایەداریو بەدیهێنانی ئازادیو یەکسانی.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان حزبێکی مارکسیستە کە ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لەپێناو ڕووخاندنی نیزامی سەرمایەدارییو هێنانەکایەی کۆمەڵگایەکی نوێ کە لەسەر بناغەی ئازادی ئینسانو یەکسانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو گەشانەوەی توانا خوڵقێنەرە مادیو مەعنەویەکانی ئینسان دادەمەزرێت، بە ئامانجی ناسنامەییو فەوری خۆی دەزانێت.

ئەم حزبە حزبێکی ئەنتەرناسیۆنالیستە، ئەمە یەکێک لە خەسڵەتە بناغەییەکانی ئەم حزبەیە کە لەپێناو بەهێز کردنی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکار خەبات دەکات.

حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی کوردستان سنووربەندییەکی هەمەلایەنەو قوڵی لەگەڵ ناسیۆنالیزمو هەموو جۆرە هەستو مەیلێکی نەتەوەپەرستی هەیەو بە توندی دژی دابڕینی ناسنامەی دەستسازی قەومیو هەرجۆرە هەڵاواردنو بەگژیەکداکردنێکی ئینسانەکانە لەسەر بناغەی ئینتیمای قەومی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان چ بۆ پیادەکردنی بەرنامەی (دنیایەکی باشتر)و چ بۆ بوون بە ئامرازی پراکتیزە کردنی دەسەڵات لەلایەن چینی کرێکارو جەماوەرەوە، خەبات بۆ گرتنی دەسەڵات بەپایەیەکی بنەڕەتی جووڵانەوەو هەڵسوکەوتی سیاسیو پراکتیکی ڕۆژانەی خۆی دەزانێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان حزبێکی سیاسیو مۆدیرنەو بە پایەکانی تەحەزوبی کۆمۆنیستییەوە پابەندە. بەم مانایەش حزبی پراکتیکی یەکگرتوو، دیسپلینی مەحکەم لەسەر بناغەی بڕیارو بڕیارنامەی سیاسیو ڕیکخراوەیی، لە هەمان کاتدا حزبێکی شەفافو کراوەیە و فراوانترین بوار بۆ دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەڕیزەکانی خۆیدا فەراهەم دەکات.

لەکوردستان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی لەپێناو هێنانەمەیدانی چینی کرێکار وەک هێزێکی بەتوانای کۆمەڵایەتیو سیاسی بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتیو دامەزراندنو جێگیرکردنی حکومەتی کرێکاریی، واتە جمهوری سۆسیالیستیو جێبەجێکردنی بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" خەبات دەکات.

بەو پێیە کە کۆمەڵگای کوردستان 16 ساڵە لە گێژاوێکی سیاسیدا ڕاگیراوە کە ئێستاو ئایندەی بە نادیاری ماوەتەوە. ئەم گێژاوە سیاسیە جگە لەوەی بەربەستێکی گەورەیە لە بەردەم هەر ئاڵوگۆڕێک بە قازانجی کرێکارانو جەماوەری خەڵک، هاوکات ئەم کۆمەڵگایەی لە هەلومەرجی نەبوونی دەوڵەتو سیستەمیکی سیاسی وادا کە بتوانێت ژیانی مەدەنی کۆمەڵگا ڕێکبخات، ڕاگرتووە، هەر ئەمەش زەمینەی داسەپاندنو درێژە پەیداکردنی دەسەڵاتی میلیشیاییە بەسەر کۆمەڵگادا. هەروەها لە سایەی هەلومەرجی ئێستای عیراقو دەورو سیاسەتی هێزە قەومیو ئیسلامیەکاندا، بەردەوام مەترسی خزانی ئەم کۆمەڵگایە بۆ ناو شەڕی قەومیو سیناریۆی ڕەشی ئێستای عیراق هەیە. بەرامبەر ئەم وەزعیەتەو بە مەبەستی هەڵگێڕانەوەی ئەم ڕەوەندەو دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لەم گێژاوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ جیابوونەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتێکی غەیرە قەومیو سکیولار خەبات دەکات. ئەمەش لێکهەڵپێکانی پرۆسەی گەیشتنی حزب بە دەسەڵاتو دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستانە لە گێژاوی ئێستاو دەسەڵاتی میلیشیایی.


www.hkkurdistan.org
hkkurdistan@yahoo.com

باڵا دەستی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی ڕێگری بەردەم کۆتایی هێنان بەم گێژاوە سیاسیەیەو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەپێناوی کۆکردنەوەی هێز بۆ ڕزگاربوون لەهەلومەرجی ئێستا، بۆ لابردنی باڵا دەستی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی خەبات دەکات.

میحوەرێکی گرنگی بیناکردنی حزبێکی سیاسیو جەماوەریی کۆمۆنیستی کرێکاریی بریتییە لە ئاسۆدار کردنو ئاراستەکردنو کۆکردنەوەی قوتبی چەپی کۆمەڵگای کوردستان لە دەوری خەتێکی مارکسیستی ماکسیمالیست. چەپی کۆمەڵگای کوردستان کە پێکهاتووە لە شەبەنگێکی فراوان لە هەڵسوڕاوو ڕابەری کرێکارییو پێشەنگەکانی جووڵانەوە نارەزایەتیەکانو کۆڕوکۆمەڵی مارکسیستیو سۆشیالیستیو هەڵسوڕاوانی کۆمۆنیستی کرێکاریی گیرۆدەی دەستی پەرشوبڵاویەکی کوشندەیە. لەم بابەتەوە ڕەخنەگرتن لە جێگاوشوێنی پەراوێزیی ئێستای چەپی کۆمەڵگای کوردستانو کاریگەریی ناسیۆنالیزمو دیموکراسیو لیبرالیزم لەسەری. هەروا ڕەخنەگرتن لە سوننەتە غەیرە کۆمەڵایەتیەکانی چەپی تەقلیدی، پێویستە.

ڕاگەیاندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هاوتاو تەریب دەبێت بە خەباتێکی هەمەلایەنە بۆ وەلانانی ئەو کۆسپانەی بەردەم بیناکردنی حزب. ئەم خەباتە لەو ئەولەویەتانەیە کە دواخستن هەڵناگرێت.

کۆمیتەی ئامادەکاریی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەڕێگای فەراهەمکردنی پێداویستیە جۆربەجۆرەکانی دامەزراندنی حزب ئەم ئەرکانە لە ئەستۆ دەگریت:

- ئامادەکردنی بەڵگەنامە سیاسیەکانی حزب؛ بەرنامە، بنەما ڕێکخراوەییەکانی حزب، پلاتفۆرمی سیاسی-عەمەلی حزب.
- پەیوەندی گرتن لەگەڵ ڕابەرانو پێشرەوانی جولانەوە نارەزایەتیەکان، کەسایەتی، ناوەندو کۆڕو کۆمەڵە چەپو کۆمۆنیستیەکانو بانگەوازکردنیان بۆ بەشدار بوون لە پرۆسەی پێکهێنانی حزبدا.
- ناساندنی حزبو ئامانجو سیاسەتەکانی لەئاستیکی کۆمەڵایەتی فراواندا.
- فەراهەم کردنی پێداویستیو ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی کۆمیتە محەللیەکانی حزب.
- پەیداکردنی ئیمکاناتی مالی پێویست بۆ خستنە کاری فۆنکسیۆنە بناغەییەکانی حزب.
- فەراهەمکردنی پێداویستیە فەننیەکانی بەستنی کۆنگرەی دامەزراندن پاش ئەنجامدانی ئەو ئەرکانەی سەرەوە.

کۆمیتەی ئامادەکاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی کۆمۆنیستەکان، ڕابەرانو پێشرەوانی جووڵانەوەی کرێکاری، جولانەوە نارەزایەتیەکان، بزووتنەوی ئازادییو یەکسانی ژنان، بزووتنەوەی ڕزگاری گەنجان و لاوانو هەموو کەسایەتیو ناوەندو کۆڕو کۆمەڵە چەپەکان دەکا بۆ پەیوەست بوون بەڕیزەکانی ئەم حیزبەو بەشداربوونی هەڵسووڕاوانە لەسەرجەم پرۆسەی پێکهێنانیدا،

## کۆمیتەی ئامادەکاری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

**ئارام علی، ئازاد جەوهەر، ئازاد مەجید، ئاسۆ کەمال، ئاڵا فەرەج، پشتیوان کەریم، پرشنگ ئەحمەد، جەبار مستەفا، جەمال محسن، عەجیبە سەعید، عوسمان حاجی مارف، سەعید ئەحمەد، سەوسەن سەلیم، شەمال عەلی، حسین سالح، کامیل ئەحمەد، مەهدی رەسول، سالار جەبار، سامان کەریم، ریبوار ئەحمەد، ڕێبوار عارف، محەمەد عەزیز، عەبدولا مەحمود، ناسک ئەحمەدو نوری بەشیر**

06-09-2007

www.hkkurdistan.org
hkkurdistan@yahoo.com